ئیمام دانراوە بۆ ئەوەی شوێنی بکەوین، بۆیە پێچەوانەی ئەو کردەوە مەکەن، ئەگەر تەکبیرەی کرد؛ ئێوەش تەکبیرە بکەن، ئەگەر چوو بۆ ڕکوع؛ ئێوەش بچن بۆ ڕکوع، وئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده)، بڵێن: (ربنا ولک الحمد)، وئەگەر چوو بۆ سوجدە؛ ئێوە بچن بۆ سوجدە، وئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی کرد؛ ئێوەش هەمووتان بە دانیشتنەوە نوێژ بکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئیمام (پێشنوێژ) دانراوە بۆ ئەوەی شوێنی بکەوین (لە کردەوەکانی نوێژدا)، بۆیە پێچەوانەی ئەو کردەوە مەکەن، ئەگەر تەکبیرەی کرد (ووتی: الله أکبر)؛ ئێوەش تەکبیرە بکەن، ئەگەر چوو بۆ ڕکوع؛ ئێوەش بچن بۆ ڕکوع، وئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده)*، ئێوەش بڵێن: (ربنا ولک الحمد)**، وئەگەر چوو بۆ سوجدە؛ ئێوە بچن بۆ سوجدە، وئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی کرد؛ ئێوەش هەمووتان بە دانیشتنەوە نوێژ بکەن». *(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاس وستایشی دەکەن)، **(پەروەردگارمان، حەمد وسوپاس بۆ تۆ).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنمونی دەکات سەبارەت بە دانایی لە دانانی ئیمام (پێشنوێژ) کە بۆ ئەوەیە کە نوێژخوێنان شوێنی بکەون لە ئەنجامدانی کردەوەکانی ناو نوێژدا، وپێچەوانەی ئەو نەبن لە هەر کردەوەیەک لە کردەوەکانی ناو نوێژ، پێویستە ئاگاداری کردەوەکانی ئیمام بن وشوێنی بکەون بە هەمان شێوە وبە هەمان ڕێزبەندی وەکو خۆی. بۆیە کاتێک ئیمام -تەکبیرەی ئیحرام دەکات- دەڵێت: (الله أکبر)، پێویستە نوێژخوێنانیش لە پاش ئەو تەکبیرەی ئیحرام ببەستن. کاتێک ئیمام رکوع دەبات پێویستە ئەوانیش ڕکوع ببەن. کاتێک ئیمام دەڵێت: (سمع الله لمن حمده) کە بیرتان دەخاتەوە کە خوای گەورە وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە حەمد وسوپاسی ئەو دەکەن؛ ئەوا پێویستە ئێوە (نوێژخوێنان) سوپاس وحەمدی بکەن ئەمیش بە ووتنی: (ربنا لك الحمد) یان (ربنا ولك الحمد) یان (اللهم ربنا لك الحمد) هەموو ئەم شێوازی وتنانە لە سونەتدا هاتووە، وکاتێک ئیمام سوجدە دەبات ئەوا ئێوەش سوجدە ببەن، وئەگەر ئیمام بە دانیشتنەوە نوێژی کرد -بەهۆی نەتوانینەوە- ئەوا ئێوەش بە دانیشتنەوە نوێژ بکەن هەرچەندە ئێوە تواناتان هەبوو بە پێوە بوەستن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6029